https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.10

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر میرنشینی سۆران لە سەردەمی میر محەمەدی ڕەواندزیدا (١٨١٣-١٨٣٦)

د. ئامانج أحمد مصطفی
زنکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
amanj.mustafa@soran.edu.iq

**پوختە:**

هەرچەندە مێژووی میرنشینی سۆران زۆر کۆنترە لەو سەردەمەی کە میر محەمەدی ڕەواندزی ناسراوە بە میری کۆرە دەسەڵاتی تێدا وەرگرت، کە توانی سنووری میرنشینەکەی فراوان بکات و ببێتە مەترسی بۆ سەر هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی تەنانەت زلهێزەکانیش، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگای پلان و هێرشەکانیەوە توانی ئەو میرنشینە لەناو بەرێت. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم پوختەیەکی مێژووییە لەسەر دامەزراندنی میرنشینی سۆران. بەشی دووەمیش باس لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی دەکات بەرانبەر بە میرنشینەکە بۆ لەناوبردنی، بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودی زۆر لە سەرچاوە و دیکۆمێنتی بڵاونەکراوە وەرگیراوە، چەند دیکۆمێنتێکی بڵاوکراوە لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی، لە کۆتاییشدا پوختەیەکی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** میر محەمەدی ڕواندز، بەیرەقدار، میرنیشینی سۆران، زلهێزەکان.

## سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر میرنشینی سۆران لە سەردەمی میر

## محەمەدی ڕواندزیدا (١٨١٣-١٨٣٦)

### پێشەکی

میرنشینە کوردییەکانی سەدەی نۆزدە لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی ناوچەکە هەڕەشەی لەناوبردنیان لە سەربووە، هەرچەندە هەندێک جار بەهۆی بوونی بەرژەوەندییەوە ئەو دەسەڵاتانە ویستوویانە میرنشینەکان بۆلای خۆیان ڕابکیشن و پەیوەندیی باشیان لە گەڵیاندا هەبێت. ئەمەش کاتی بووە، چونکە هەر لەگەڵ تەواوبوونی بەرژەوەندییەکان هەڵسوکەوتیان گۆڕاوە و هەوڵی لەناوبردنی میرنشینەکانیان داوە، یەک لەوانەش کە پەیوەندی و بەرژەوەندی هەبووە، دەوڵەتی عوسمانی بووە.

دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی پیادەکردنی سیاسەتێکی دەدا بە ناوی (سیاسەتی ناوەندی) بۆ بەستنەوەی هەرێمەکان بە ئەستەنبۆڵەوە، کە بۆ ئەو مەبەستەش هەندێک والی لە ناوچەکان دامەزراند بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان، یەکێک لەو والییانەش (محەمەد ئینجە بیرەقدار) بوو کە هەڵوێستێکی توند و دوژمنکارانەی هەبوو بەرانبەر میرنشینە کوردییەکان بە گشتی و میرنشینی سۆران بە تایبەتی.

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (**سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر بە میرنشینی سۆران لە سەردەمی میرمحەمەدی ڕواندزیدا (١٨١٣-١٨٣٦)** ) کە ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بە گشتی و سیاسەتی والیی موسڵە بە تایبەتی بەرانبەر بە میرایەتیی میری کۆرە لە ڕواندز، کە پێکهاتووە لە دوو تەوەرەی سەرەکی و هەر تەوەرەیەک چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە پوختەیەکی مێژووی میرنشینی سۆران دەکات لە دامەزراندنییەوە تا

وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن میر محەمەدەوە. تەوەرەی دووەمیش باس لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی دەکات بەرانبەر بە میرنشینی سۆران و دژایەتیکردنی میرنشینەکە لە لایەن وڵاتانی زلهێزەوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوود لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگیراوە لە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان، وەک پەرتووکی (کورد و بەرخودانەکان) لە نووسینی سینان هاکان و (صفحات من تاريخ الكرد و الكردستان الحديث فى الوثائق العثمانية (١٨٤٠-١٩١٥ ) لە دانانی د. خليل على مراد و د. عبدالفتاح على بوتانيه و( دراسات وثائقية فى تاريخ الكرد الحديث و حضارتهم) لە نووسینی د. عماد عبدولسەلام، هەروەها (الامير الكردى مير محمد الرواندزى) لە نووسینی جمال نەبەز، جگە لە کومەڵێک کتێبی گەڕیدە و گەشتەنامەکان، وەک (گەشتەکەی فریزەر بۆ کوردستان و میزوپوتامیا ساڵی (١٨٣٤)، گەشتەنامەی (پوژولا بۆ کوردستان ساڵی (١٨٣٧) سوودیان لێوەرگیراوە. هەروەها چەند سەرچاوەیەکی تریش کەڵکی زۆریان هەبووە بۆ ئەم توێژینەوەیە وەک کتێبی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەتلیسی، (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) ئەمین زەکی بەگ و (الأزدية )ی صديق الدملوجى و (چەند لایەنێکی مێژووی و ڕامیاری و کومەڵایەتی و ئابووری کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا) کە لە نووسینی د. سەعدی عوسمان هەروتییە، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی تر.

## تەوەرەی یەکەم: کورتەیەکی مێژوویی

لە سەرەتای دامەزراندنیەوە میرنشینی سۆران پێگەی گرنگی هەبووە لە مێژووی میرنشینە کوردییەکان، کە توانی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنی و سنوورەکەی فراوان بکات و ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە هاوسەنگیی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکەدا و کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان هەبێت (بەدلیسی،١٣٨٤: ٣٣٦-٣٣٧ ). کە لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا زۆرجار بە

حکومەتی میرنشینی سۆران ناوی هاتووە (عبدالسلام، ٢٠١٢: ٢٤٥) بە تایبەتی لە سەدەی (١٦) کە جگە لە هاودیان و باڵەکان و ڕەواندز توانی هەریر و شەقلاوەش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە سەردەمی شا عەلیدا (سەرەتای سەدەی شانزە)، هەریر کرا بە مەڵبەندی میرنشینەکە، بەڵام توشی هێرشی بابانەکان دەبێت و دەکوژرێت. دوایی کوڕەکەی میر سەید (١٥٤٥-١٥٤٢) دەسەڵات وەردەگرێت و تۆڵەی باوکی دەکاتەوە و بابانەکان لە ناوچەی میرنشینی سۆران دەردەکات. (حوزنی،١٧:٢٠٠٧)

دوای شەڕی چاڵدێران (١٥١٤) و سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر سەفەوییەکان، میرانی سۆران لایەنگیریی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەهێز بوون و فراوانبوونی سنووری دەسەڵاتیان دەبێت بەتایبەت لە سەردەمی میرەبەگدا (١٠٢٩ک-١٦١٩ز) توانی هەولێر و کەرکوکیش بخاتە سەر میرنشینەکە (هەرووتی، ٢٠١٣: ٥٠)، سەرەڕای لایەنگرییان بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام زۆرجار عوسمانییەکان بەپێی بارودۆخەکە و بەرژەوەندیی خۆیان ڕەفتاری دوژمنکارانەیان بەرانبەر میرانی سۆران پەیڕەو دەکرد، هەوڵی لەناوبردنیان دەدا، هەروەک لە سەردەمی سوڵتان سولێمانی قانونی (١٥٢٠-١٥٦٦) کە عیزەدین شێری میری میرنشینی سۆرانی لە ساڵی ١٥٣٥ لە سێدارەدا بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ سەفەوییەکان، دواتر عوسمانییەکان ناوچەکە ڕادەستی حەسەن بەگی داسنی دەکەن (١٥٤٢-١٥٣٦) (هەروتی، ٢٠١٦: ٢٢).

لە سەردەمی سلێمان پاشای کوڕی قولی بەگ کە وەک کەسێکی بەهێز و کاریگەر توانی لەشکری میرنشینی سۆران بەهێز بکات و بەشداری شەڕەکانی عوسمانی بکات دژی سەفەوییەکان ساڵی ١٥٧٧، بۆیە دەوڵەت ڕێزی لێ دەنێت و دیاری بۆ دەنێرێت (عبدالسلام، ٢٠١٢: ٢٥٠-٢٥١).

لەدوای ئەویش عەلی بەگی کوڕی (١٥٩٦-١٥٩٧ز) دەسەڵات وەردەگرێت و بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایەتی دەکات (حوزنی،٢٠٠٧: ١٧) لەدوای خۆشی ئوغز بەگ دەسەڵات وەردەگرێت و مەڵبەندی میرنشینەکەی لە خەلیفانەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕەواندز (زەکی، ٢٠٠٦، ١٢٧)، دوای ئەویش ئەحمەد بەگی کوڕی دەسەڵات وەردەگرێت (١٦٩٥-١٧٥٦). کە توانی سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات لەدوای ئەویش ئۆغز بەگی دووەم (١٧٥٦-١٧٦٨) دەسەڵات وەردەگرێت. گرنگیی بە ئاوەدانکردنەوە و بازرگانی و کشتوکاڵ داوە پاشان مستەفا پاشا لە ساڵی (١٧٦٨) دەبێتە فەرمانڕەوای میرنشینی سۆران تا هاتنی کوڕەکەی میر محەمەد (سمایل، ٢٠٠٨: ١٤ -١٥).

میرمحەمەد (١٨١٣-١٨٣٦)، کوڕی مستەفا بەگی کوڕی ئوغز بەگی کوڕی ئەحمەد بەگە (زەکی، ٢٠٠٥: ٨٩). پێش ئەوەی دەسەڵاتی میرنشینی سۆران وەربگرێت، لە سەردەمی باوکی لە هەندێک لە ناوچەکانی میرنشینی سۆران دەسەڵاتدار بووە. دواتر دەسەڵاتی هەموو میرنشینی سۆرانی وەرگرت (حوزنی، ٢٠٠٨: ٢٦). دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی لە (١٨١٣) (زەکی، ٢٠٠٦: ٥٢) دەستی کرد بە چاکسازی بۆ ئەوەی لەسەر شێوازێکی نوێ میرنشینی سۆران وەک وڵاتێکی سەربەخۆ، دوور لە دەسەڵاتی عوسمانی پێش بخات (قەفتان، ٢٠٠٩: ٢٢٦). وەک دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەروەری کە خۆی سەرۆکی بوو ڕەسول بەگی برای جێگری بووە، ئەم ئەنجوومەنە دابەشی چەند لیژنەیەک دەبوون، هەریەکەیان تایبەت بوو بە کاروبارێکی وڵات (عەلیاوی، ٢٠٠٤: ٢٦) و هەموو هەفتەیەک کۆدەبوونەوە (نبز، ٢٠٠٣: ١١٨). بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە سوپایەکی بەهێز و گەورە هەبوو، بۆ بەرگری و چەسپاندنی دەسەڵاتی میرنشینی سۆران و سەرکەوتن بەسەر کۆسپەکان، داوای لە کارسازان کرد یارمەتی بنیاتنانی سوپایەکی بەهێز بدەن لە ڕووی چەک و تەقەمەنییەوە کارگەیەکی لە ڕەواندز دروستکردووە (جەلیل و ئەوانیتر،

٢٠١٥: ١٩) کارسازی زیرەک و لێهاتوو وەستا ڕەجەبی لە ورمێ هێنا (سەجادی، ٢٠٠٥: ٦٥-٦٦) و کارخانەیەکی لە کاولۆکان دامەزراند بۆ دروستکردنی کەرستەی جەنگی وەک شمشێر و تفەنگ و لولە تۆپ (جەلیل و ئەوانیتر، ٢٠١٥: ١٩-٢٠) کە نزیکەی (٢٢٢) لولە تۆپی بەرهەم هێنا (سەجادی، ٢٠٠٥: ٦٦) و ڕەواندزی کردە بنکەی بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی. هەروەها گرنگی بە دروستکردنی قەڵا و شورەی سەربازی داوە (ئەسفەهانی، ٢٠٠٩: ٣٧)، تەنانەت خەڵکی دەناردە چیاکان بۆ ئەوەی کەرستەی خاوی پیشەسازی چەک و تەقەمەنی لە ئاسن و مس بەدەستبهێنێت (سەجادی، ٢٠٠٥: ٦٥-٦٦). بەمەش توانی سوپایەکی بەهێز دروستبکات کە ژمارەی سەربازەکانی لەوە نەدەچوو هی میرنشینێک بێت، بەڵکو لە هی نیمچە دەوڵەتێک دەچوو کە نیازی گەورەبوونی هەبێت (قەفتان، ٢٠٠٦: ٦٤). هەندێک سەرچاوە ژمارەی سەربازەکانی میر محەمەد بە (٥٠) هەزار دەخەملێنن (الدملوجي، ٢٠١٠: ٥٦٧). سوپایەکی ڕێکخراو لەسەر شێوازێکی نوێ تەنانەت جل و بەرگی پیادە و سوار لە یەکتر جیاواز بوون (جەلیل و ئەوانیتر، ٢٠١٥: ٢٠). لە ڕووی چەکیش جیاوازییان هەبووە، پیادەکان تفەنگ و خەنجەر و سوارەکانیش ڕم و خەنجەریان بەکارهێناوە (فرەیزەر. ١٩٩٨: ٣٢).

میر محەمەد سوپایەکی بەهێز و گەورەی دامەزراند. ویستی سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات (قەفتان، ٢٠٠٩: ٦٤-٦٥)، بۆ ئەمەش دەبوایە سەرەتا کۆسپەکانی سەر ڕێگای فراوانخوازی خۆی لەناو ببات، لەوانە عەبدوڵا ئاغای خەزنەدار کە لە سەردەمی باوکیشیدا خەزنەدار بوو لە سێدارەیدا، بەهۆی بوونی پەیوەندی لەگەڵ مامەکانی محەمەد پاشا کە کێشەی لەگەڵیان هەبووە (الگوراني، ٢٠١٢: ١٤٠). پاشان توانی مامەکانی خۆی کە تەمەر خان و یەحیا بەگ بوون لەناو ببات (ڕۆحانی، ٢٠١٣: ٣٦٢). بەمەش توانی ناوچەکانی دەوروبەری ڕەواندز بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و توانی بەسەر کێشەکانی ناوخۆدا زاڵ بێت

(جەلیـل و ئەوانیتـر، ٢٠١٥: ١٩). ئەمەش ڕێگـای بەردەمـی والا کـرد بـۆ ئەوەی فراوانخوازیی خۆی بکات، بە تایبەت لە ناوچەی بابان کە موڵکێکی زۆریان لەژێر دەسەڵاتدا هەبوو, دەربهێنێت (ریچ، ٢٠١٢: ١٥٩).

لەسـەردەمی داود پاشـا (١٨١٧-١٨٣١) والیی بەغدا بارودۆخی عیراق یارمەتیدەر بوو بۆ هەوڵەکانی میر محەمەد، چونکە نزیکبوونەوەی میرانی بابان لە ئێران وای کرد کە داود پاشا والیی بەغدا نەرمی بەرامبەر فراوانخوازی میر محەمەدی ڕەواندزی بنوێنێت و ئەویش ناوچەیەکی زۆر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی (بەرزنجی، ٢٠٠٤: ١١٩)، پێشڕەوییەکانی میر مـحەمەد بەردەوام بـوون، تەنـانەت سـنووری عێراقـی تێپەڕانـد بەهـۆی نالەباری بارودۆخی ئێران و شەڕەکانی لەگەڵ ڕووسیا ساڵی (١٨٢٦) میر تـوانی هەنـدێک نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بخـاتە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیەوە (جەلیل و ئەوانیتر، ٢٠١٥: ٢١).

سـەرکەوتنەکانی میـر میرمحەمـەد بەردەوام بـوو، لەو کـاتەی کە بـارودۆخی دەوڵەتـی عوسـمانی دوچـاری شـلەژان هـات بەتایبـەتی دوای شکستەکانی بەرامبەر بە شۆرشی یۆنان (١٨٢١-١٨٣١)، شەڕ لـە بەرانبەر ڕووسیا (١٨٢٨-١٨٢٩) و فراوانخوازییەکانی محەمەد عەلی پاشا لـە وڵاتـی شـام (١٨٣١-١٨٣٣) (حـاجی، ٢٠٠٧: ١٣١)، تەنـانەت لە سـەردەمی عەلـی ڕەزاش کە والیی بەغدا بوو. سەرەتا نەتوانرا ڕێگری لێ بکرێت و نازنـاوی پاشـای وەرگـرت (هاکـان، ٢٠١٢: ٨٣). ئەمەش وایکـرد زیـاتر بیـر لە فراوانخـوازی بکـاتەوە. بەپێـی بەڵگەنـامەیەکی میسـری کە دەڵێت: پاشـای ڕەوانـدز نەخشـەی دەسـت بەسـەرگرتنی هەمـوو عێـراق بە بەغدایشـەوە دانـاوە (نـوار، ١٩٦٨: ١٩٥). بۆیە بڕیـاری دەستبەسـەرداگرتنی بادینانیشـی دا، بەتایبەت کە بارودۆخی ناوخۆی بادینان شلەژا بوو بەهـۆی نـاکۆکی و ململانێی لەسەر دەسەڵات لە نێوان میرەکانی بادینان خۆیاندا.

بەڵام کاتێک محەمەد پاشا سیاسەتێکی خراپی بەرانبەر بە خەڵکی بادینان بەکاردەهێنا، خەڵکی بادینانیش لە نامەیەکی نارەزاییدا کە بۆ عوسمانییەکانیان ناردووە داوای چارەسەر دەکەن کە ناتوانن چیتر بەرگەی کارە خراپەکانی محەمەد پاشا بگرن، کە چۆن ژن و منداڵەکانی بردبوون و وەک دیل مامەڵەیان لەگەڵ کراوە (دۆسکی، ٢٠١٥: ١٣٥-١٣٦). هەروەک لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە لە ٣ی کانوونی دووەمی (١٨٣٦)دا هاتووە (دوای ئەوەی لە لایەن والیی موسڵ (١٠) کەس بەهۆی خراپەکاری دەرکراون موتەسەریفی ڕەواندز ئەو (١٠) کەسەی بردۆتە لای خۆی، ئەمەش بۆتە مەترسی بۆ عوسمانییەکان هەروک چۆن محەمەد پاشا دەستی بەسەر ئامێدی و هەولێردا گرتووە، پلانی هەیە دەست بەسەر موسڵیشدا بگرێت، بۆیە موتەسەریفی موسڵ سەعید پاشا پەشیمان بۆتەوە لە دوورخستنەوەی ئەو (١٠) کەسانە و داوای کردووە بگەڕێنەوە بۆ موسڵ (عادل، ٢٠١٧: ٣٠). ئەمانە مەترسی فراوانخوازییەکانی محەمەد پاشای ڕەواندز بوون بۆ سەر موسڵ، کە بەپێی هەندێک سەرچاوە ئەمە نەخشەیەک بوو لەنێوان محەمەد پاشای میرنشینی سۆران و محەمەد عەلی میسر کە گوایە نامەگۆڕینەوە هەبووە لە نێوانیان دژی بەرژەوەندیی عوسمانی (حوزنی، ٢٠٠٧: ٤٧-٤٨).

بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکانی میسری، عێراق لە پلانی دەوڵەتی محەمەد عەلیدا نەبووە، بەهۆی زۆری تێچوون و زۆری بەڕێوەبردن و دووری عێراق لە میسر، سەرەڕای ترسی بەریتانیا بەهۆی هەبوونی بەرژەوەندییەکانی لە عێراقدا. واتە تەنها هانی خەڵکی عێراقی بدەن دژی عوسمانییەکان بۆ ئەوەی سەرقاڵیان بکەن بەشداری شەڕ نەکەن دژی میسر (غازی، ٢٠١٦: ٣١، ٢٦١، ٢٣٩). واتە بەپێی لێکدانەوەکان بەڵگەنامەکانی میسری هیچ پەیوەندییەک لە نێوان محەمەد پاشای ڕەواندز و محەمەد عەلی میسری نەبووە، بەڵکو تەنها چاودێریکردنی فراوانخوازییەکانی محەمەد پاشای ڕەواندزە لە ناوچەکە، بۆ ئەوەی

بتوانێت لەشکری عوسمانی لە ناوچەکەدا سەرقاڵ بکات بە فراوانخوازییەکانی. میری سۆران هەر لە ناوچەی بادینان نەوەستا بەڵکو هێرشی کردە سەر ناوچەی بۆتان (جزیرە)، ماردین و نەسیبینی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی (نوار، ١٩٨٦: ١٩٥)، بەم شێوەیە محەمەد پاشا توانی چاکسازی بکات و دەسەڵاتێکی بەهێز لە ڕووی سیاسی و کارگێڕی دروست بکات و سوپایەکی بەهێز لەسەر شێوازێکی نوێ بە هەموو پێداویستییەکانی سەربازییەوە دروست بکات. هەروەها هەوڵیدا ئارامی بۆ خەڵکی ناوچەکە دابینبکات و سنوورەکانی خۆی بپارێزێت و سوود وەربگرێت لە بارودۆخی گشتی ناوچەکە و سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، ناوچەی زۆری خستە سەر میرنشینی سۆران کە ئەمەش هەوڵێک بوو بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی لە دروست کردنی دەسەڵاتێکی بەهێزی سەربەخۆی کوردی. بەڵام ئەم کارانەی بەپێی سیاسەتی گشتی دەوڵەتی عوسمانی کاردەکاتە سەر بەرژەوەندییەکان و وەکو مەترسی و هەڕەشەیەک لە ناوچەکە لە قەڵەمی دەدەن، بەتایبەتی بۆ سەر ویلایەتی موسڵ. بۆیە بە هاوکاری دەوڵەتە زلهێزەکان پیلانی لەناوبردنی میرنشینی سۆران دادەڕێژن، چونکە بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکان بەتایبەتی بەریتانیا لەگەڵ پاراستن و مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بووە بە لاوازی (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٥٢-٢٥٣).

## تەوەرەی دووەم: دژایەتیی زلهێزەکان بۆ میرنشینی سۆران و سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر بە میرنشینەکە

### ١ ـ دژایەتیکردنی میرنشینی سۆران لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە

وڵاتە زلهێزەکان هەر لە سەرەتاوە دژایەتی میرنشینی سۆرانیان کردووە، چوونکە فراوانخوازییەکانی محەمەد پاشا بووە هۆی ئەوەی کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری دەوڵەتە زلهێزەکان بکەوێتە مەترسییەوە. ئەمەش وای کرد هەڵوێستیان هەبێت بەرانبەر بە دەوڵەتی

عوسمانی دژی دەسەڵاتی میرنشینەکان، چونکە مەترسی بۆ سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، بۆیە زلهێزەکان فشاریان خستە سەر عوسمانییەکان بۆ لەناوبردنیان, چونکە ڕێگر بوون لە گەیشتنیان بە بازاڕەکانی ئەم ناوچانە. هەروەک بەریتانیا کە سالانی (١٨٢٥ـ ١٨٥٥) ڕادەی بازرگانی لە ناوچەکە زیادی کردووە. ئەو ماوەیەش سالانی لەناو چوونی میرنشینە کوردییەکان بوو (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٢٩). کە ئەمەش لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەکی گشتی و ویلایەتی موسڵ بە تایبەتی دەبێت؛ چونکە ماوەیەکی زۆر بوو محەمەد ئینجە بەیرەقدار کە والیی موسل بوو دەیویست بەهەر ڕێگایەک بێت بتوانێت بەسەر میرنشینی سۆراندا زاڵ بێت.

سەرەڕای ململانێ لە نێوان ڕووسیا و بەریتانیا لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بەڵام دەوڵەتێکی عوسمانی لاوازییان پێ باشتر بوو لە میرنشینێکی کوردی بەهێز کە دژی بەرژەوەندییەکانیان بێت (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٢٧-٢٢٨). بۆیە فراوانخوازییەکانی میرنشینی سۆران و بەهێزبوونی، گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە حیسابی بۆ بکرێت. هەر ئەمەش وای کرد کە دەوڵەتە ئەوروپییەکان هەست بە مەترسی بکەن، بەتایبەت بەریتانیا سیاسەتێکی گشتگیری هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نابێت دەسەڵاتێکی تر جێگای عوسمانییەکان بگرێتەوە و بەرژەوەندییەکانیان بخاتە مەترسییەوە. نەوەک ڕووسیا دەستبخاتە کاروباری ناوچەکە و کێشەیەکی سیاسی دروست بکات (حاجی، ٢٠٠٧: ١٣٤). بۆیە بەریتانیا بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ محەمەد پاشا ڕاگەیاند لە ڕێگای (Rechard Edward1) کە کونسوڵی بەریتانیا بوو لە حەلەب (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٦٤). هەروەها کونسوڵەکانی لە بەغدا و باڵوێزی لە ئەستەنبۆل هەوڵیان دەدا سەرکردە کوردەکان ساردبکەنەوە لە پشتگیریکردنی محەمەد پاشای ڕەواندز، سەرباری نزیکبوونەوەی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی دژی میرنشینی سۆران (عەلی، ٢٠١٠: ١٩-٢٠)

هەرچی ڕووسیاشە یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی دەدا بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و پاراستنی بەرژەوەندەییەکانی خۆی و ململانێ لەگەڵ بەریتانیا (حاجی، ٢٠٠٧: ١٣٧). ئەم ململانییە و فشار خستنە سەر دەوڵەتی عوسمانی وای کرد لە ئیران نزیک بێتەوە دژی پاشای ڕەواندوز ، بەتایبەتی ئێران دوژمنایەتی هەبووە بەرامبەری لە کاتی هێرشی میرنشینی سۆران بۆ سەر هەندێک ناوچەی ئێران (قەفتان، ٢٠٠٦: ٧٠)، کاتێک هێزی ئێران لە سلێمانی بوو دوژمنایەتی خۆی بۆ میرنشینی سۆران ڕاگەیاندبوو (فرەیزەر، ١٩٩٨: ٤٨)، کە محەمەد پاشا هێرشی کردە سەر (لاهیجان [1]) لە ئێران بارودۆخی ئێران خراپ بوو, بەڵام کە محەمەد شای ئێران (١٨٣٤-١٨٤٨) هاتە سەر دەسەڵات، لەگەڵ میرنشینی سۆران ڕێکەوت بۆ کشانەوە وەک فشارێک دژی عوسمانی بەکاریبهێنێت، بەڵام بەریتانیا لە ترسی هاتنی لەشکری ڕووسیا لە ڕێگەی ئێران بۆ عێراق یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی دا (لازاریف، ٢٠١٥: ١٩٤-١٩٥).

سەرەڕای ئەوەی باس لە پەیوەندی نێوان محەمەد پاشا و دەسەڵاتدارانی ئێران دەکرێت. واتە پەیوەندیی نهێنی لە نێوانیان هەبووە (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٧٤-٢٧٥)، بەڵام بەرژەوەندیی زلهێزەکان وای دەخواست ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لە یەکتر نزیک بکەنەوە دژی میرنشینی سۆران، کاتێک ئێران لەشکرێکی (١٠) هەزار سەربازی دەنێرێتە سەر سنوورەکانی لەگەڵ عێراق بۆ لێدانی لایەنگرانی میرنشینی سۆران کە پلانیکی ئینگلیز و ڕووسیا بوو بۆ لەناوبردنی قەوارە سەربەخۆکەی میرنشینی سۆران لە ناوچەکە، سەرەڕای ئەوەی ئێران نەیدەویست میرنشینێکی بەهێز وەک میرنشینی سۆران دراوسێی بێت (لازاریف، ٢٠١٥: ١٩٨).

بەڵگەنامەکانی عوسمانی دووپاتی هاوکاری ئێران لەگەڵ عوسمانییەکان دەکەنەوە، چونکە پێشتر لەشکری ئێران لەناوچەکانی

سلێمانی هەبووە بەهۆی نزیکییان لە بابانەکان، بۆیە لەشکریان لە عێراق کشاندەوە کە یارمەتیدەری عوسمانی بوو بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران. ئەوەتا عەلی ڕەزا پاشا والیی بەغدا (١٨٣١-١٨٤٢) لە نامەیەکدا بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەنوسێت کێشەی سلێمانی لەگەڵ ئێران لەلایەن بەیرەقدار والیی شارەزوور چارەسەر کراوە (هاکان، ٢٠١٢: ٨٤-٨٨). ئەمەش ڕۆڵی بەیرەقدار بەدیاردەخات لە دژی میرنشینی سۆران, کە توانی کێشەی ئێران چارەسەر بکات بۆ ئەوەی ڕێگا خۆشکەر بێت بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران و تەنانەت ئێران یارمەتیدەریش بێت بۆ لێدانی محەمەد پاشای ڕەواندز.

ئەم گەلەکۆمەکییەی دەوڵەتە زلهێزەکان، یارمەتی لەناوچوونی میرنشینی سۆرانیان دا. لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە ١٢ی نیسانی (١٨٣٧) هاتووە کە نامەیەکی وڵاتی نەمسایە بۆ دەوڵەتی عوسمانی، کە تێیدا خۆشحاڵی ئەو وڵاتە دەردەخات سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی هێزەکانی عوسمانی بەسەر میرنشینی سۆران. "بەپێی نوسراوی باڵوێزی نەمسا و پاڵپشتی ناوبراو باش وەکیلی نەمسا بەبۆنەی سەرنەکەوتن و شکانی بەگی ڕەواندز نامەیەکی بۆ نوێنەری نەمسا لە ئەستەنبۆل ناردووە، هەروەها پارێزگاری بلگراد، کە لەلایەن ئیمپراتۆری نەمسا قبوول کراوە. بەپێی ڕاپۆرتی پارێزگاری بلگراد کە پێشکەشی نوێنەری نەمسا کراوە، پارێزگاری نەمسا عەلی ڕەزا پاشای والیی بەغدای داوەت کردووە بە ناوی ئیمپراتۆریەتی نەمسا لایەنگر و پاڵپشتی لە پاشا کردووە و پاشاش بەو هەڵوێستەی ئیمپراتۆر خۆشحاڵی خۆی نیشانداوە" (عادل،٢٠١٧: ٣٣) واتە ئاگاداری هێرشی عوسمانی بوونە بۆ سەر میرنشینی سۆران، ئەو شەڕەی لە ڕەواندز ڕوویداوە و بەهۆی ئەو بەرگرییەی کە لە لایەن سوپاوە کراوە شازادە میتەرنیخ لە ئاداری (١٨٣٨) نامەیەکی بۆ نوێنەری نەمسا لە ئەستەنبۆل ناردووە، دواتر نامەکە پێشکەشی وەزارەتی دەرەوە کراوە ئەم نوسراوە لەلایەن دەوڵەت

وەرگیراوە (عادل،٢٠١٧: ٣٤). واتە دەوڵەتە زلهێزەکان یارمەتی دەوڵەتی عوسمانییان دابوو بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران. هەروەها پیلانیکی نێودەوڵەتی دژی دەسەلاتە خۆجێییەکان و لەوانەش میرنشینی سۆران هەبووە بەتایبەت بەریتانیا یارمەتی عوسمانی دا دژی کورد، چونکە بەریتانیا دەیویست پارێزگاری لە دەوڵەتی عوسمانی بکات، لەبەرئەوەی لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی لە بەرژەوەندی ڕووسیا دەبوو کە دەیویست بگاتە خاکی عوسمانی. واتە بەریتانیا محەمەد پاشای بە مەترسی دادەنا لەسەر تێکچوونی هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (عەلی، ٢٠١٠: ٤٩). هەروەها فەرەنساش ویستی یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدات بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران، بەتایبەتی کاتێک محەمەد پاشای ڕەواندز هێرشی کردە سەر مەسیحییەکان لە ئەلقوش لە ساڵی (١٨٣٥)، فەرەنساش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ژێر پەردەی پاراستنی مەسیحییەکان لەم ڕێگەیەوە دەست بخاتە ناو کاروباری ئەم وڵاتەوە و داوا لە دەوڵەتی عوسمانی بکات محەمەد پاشای ڕەواندز دەستگیربکات و هەوڵبدات بۆ لێدانی میرنشینی سۆران (عەلی، ٢٠١٣: ٢٩). کەواتە بەریتانیا و ڕووسیا و فەرەنسا و دەوڵەتی قاجاری و عوسمانییەکان هاوڕابوون بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران (مەدەنی، ٢٠٠٩: ٢٦).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا بەرژەوەندییەکی نێودەوڵەتی دروستبووبوو، کە وەکو مەترسی و هەڕەشەیەک سەیری میرنشینی سۆران دەکرا، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد بۆ دەوڵەتی عوسمانی کە بڕیاری لەناوبردنی میرنشینی سۆران بدات و کۆتایی بە دەسەلاتی محەمەد پاشا بهێنێت.

## ٢ ـ سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر بە میرنشینی سۆران

بـارودۆخی نێـودەوڵەتی یارمەتیـدەرێکی بـاش بـوو بـۆ دەوڵەتـی عوسمانی کە بڕیاری هێرشکردنە سەر میرنشینی سۆران بدات. هەروەک چۆن سنووریان بۆ فراوانخوازییەکانی محەمەد عەلی پاشای میسر دانا و (ڕێکەوتنی کوتاهیە)[٢] یان پێ مورکرد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش دەسـتی دەوڵەتـی عوسـمانی والاکـرد بـۆ لێـدانی میرنشـینی سـۆران (ئەسـکەندەر، ٢٠٠٩: ٢٧٠). بەتـایبەتی لە سـەردەمی دەسـەڵاتی سـوڵتان مەحمـوودی دووەم (١٨٠٧ــ ١٨٣٩) کە بڕیـاری چەسـپاندنی دەسـەڵاتی ناوەنـد و لەنـاوبردنی دەسـەڵاتە خۆجێیەکـانی دا بەتـایبەت لە عێـراق. لەناوبردنی داود پاشا لە ساڵی (١٨٣١) و جەلیلییەکان لە ساڵی (١٨٣٤) کە ئەمانە هەموو هەنگاوی چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەند بوون (عەلی،٢٠١٧: ١٨-١٨٣) هۆکاری چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەند لە کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، مەترسی دەسەڵاتی ڕووسیا و ئێران لە دەوڵەتی عوسمانی بەدووربـخەن, کە سنووریان لـە یەکترییـەوە نـزیکە، هـەروەها مسـتەفا ڕەشید پاشا نەخشەی لەناوبردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکانی جێبەجێ کرد لە کوردستان بۆ ئەم کارەش عەلی ڕەزا پاشای والیی بەغدا و بەیرەقداری والیی موسڵ یارمەتییاندا (هەروتی، ٢٠٠٨: ١٨٠-١٨٣). پێشتر عەلی ڕەزا والیی بەغدا بەهۆی ڕاپەڕینەکانی وەهابیەکان[٣] لە عەرەبستانی سعودیە نەیتوانی ڕێگری لە فراوانخوازییەکـانی مـحەمەد پاشـای ڕەوانـدز بکـات تەنانەت نازناوی پاشایەتیشی پێ بەخشی. بەمەش سنووری دەسـەڵاتی فراوانکرد (هاکان، ٢٠١٢: ٨٣).

ئەم فراوانخوازییـانە بـوونە مەترسـی بۆسـەر بەرژەوەنـدەییەکانی عوسـمانی، بەتـایبەت کە ئەوان دەیانویسـت عێـراق بـکەنە بنکەیەک دژی میسر. میرنشینی سۆرانیش ببووە مەترسی لە پێش هێزەکانی عوسمانی (نوار، ١٩٦٨:١٠٣). ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی عوسمانییەکان لەسەر

ئاستی دەوڵەت بڕیاری لەناوبردنی میرنشینی سۆران بدەن و هێرش بکەنە سەر ڕەواندز (بۆرکای، ٢٠٠٨: ٣٦٨).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا هێزە دەرەکییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە لەناوچوونی میرنشینی سۆران، دەوڵەتی عوسمانیش لەم بارەیەوە ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە ناشیرین کردنی وێنەی میرنشینی سۆران و میرەکەی محەمەد پاشا لەبەرچاوی ئەو دەوڵەتانە، بۆیە هەموو ئەو دەوڵەتانە لەسەر ئەوە کۆکبوون کە کۆتایی بە میرنشینی سۆران بهێنن.

جگە لەو هۆکارانەی کە باسمان کردن، کۆمەڵە هۆکارێکی ناوخۆش هەبووە بۆ لەناوچوونی میرنشینی سۆران، هەموو ئەمانە یارمەتی عوسمانی دا، کە ئاسانتر بەسەری زاڵ بێت. بەتایبەتی کەسایەتی میر هەرچەندە هەوڵی داوە ژیانی خەڵک باش بکات و دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دروست بکات، بەڵام فریزەر دەڵێت: "**محەمەد پاشای ڕەواندز لەهەمان کاتدا کەسێکی خۆسەپێن بووە لە سزادان و کوشتن سڵی نەکردۆتەوە هەرچی هاتۆتە سەر ڕێگای واتە کۆسپ بووە بۆ ئامانجەکەی لەناویدەبرد**" (فریزەر، ١٩٩٨: ٣٤). لونگریک دەڵێت: "**محەمەد پاشای ڕەواندز زیاتر کەسێکی ترسێنەر بووە لەوەی کە کەسێکی خۆشەویست بێت و هەندێک خەڵک حەزیان لە چارەی نەبووە و دەیانویست لەناوبچێت**" (لونگریک، ١٩٦٨: ٣٤٣). کاوس قەفتانیش دەڵێت: "**محەمەد پاشا لە کاتی فراوانخوازییەکانی سنووری میرنشینی سۆران لە ناوچەکانی بابان، بۆتان، ئەردەلان و بادینان خەڵکێکی زۆری کوشت و تالان و وێرانکارییەکی زۆری بەجێ هێشت، ئەو کوشتارە زۆرەی بەرانبەر ئێزدییەکان کرد بەمەش خەڵک چاوەڕێی تۆڵە و لەناوچوونی محەمەد پاشایان دەکرد**" (قەفتان، ٢٠٠٦: ٦٤). لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا خەڵکی بادینان گلەیی زۆر لە سیاسەتی محەمەد پاشای ڕەواندز دەکەن بەرانبەر خەڵکی هەژار (دۆسکی، ٢٠١٥: ١٣٧).

سەرەڕای ئەو هەموو فراوانخوازی و شەڕکردنەی کە لەسەر شانی خەڵک بوو قوربانی زۆریشیان دا و باری سەرشانیان زور قورس بوو، چونکە خەڵک هەژار و برسیبوون کە تەواوی ڕۆژ کاریان دەکرد بۆ دەستکەوتنی نان, ئەویش زۆر زەحمەت بوو (بۆرکای، ٢٠٠٨: ٣٢٧). لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە ٩ی حوزەیرانی (١٨٣٥)دا ئاماژە بەوە دە کات کە: "**کاتێک کە محەمەد پاشا لەگەڵ عەساکری مەنسورە و سەربازەکانی تر لە کەرکوک ماونەتەوە بە بیانوی سەربازییەوە لە خەڵکی کەرکوک زەخیرە و پارەی لە خەڵکی هەژار و دەستکورت کۆ کردۆتەوە هەروەها عەساکری مەنسورەی توشی جۆرەها دەردەسەری کردووە، پێچەوانەی ئەوەی دەوڵەت نوسیویەتی ئەنجامی دەدات. ڕۆژانە بە پارە کۆکردنەوە ئاسایش و ئەمنیەتی هەموو خەڵکی تێکداوە ئەم کارەشی بۆ مەبەست و سوودی خۆی ئەنجامداوە**" (عادل٢٠١٧: ٣٦). ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی خەڵکی سۆزیان بەرامبەر بە میر محەمەد کەم بێتەوە لەکاتی هێرشی عوسمانی بۆ سەر ڕەواندز، بەڵگەنامەکانی عوسمانیش ئەمە دووپاتدەکەنەوە کە میر محەمەد دوژمنی زۆری بۆ پەیدابوو بەهۆی کاری فراوانخوازییەکانی. بەمەش خاڵێکی ئەرێنی بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەکاتی هێرشکردن (هاکان، ٢٠١٢: ٨٤). لەو بەڵگەنامەیەدا عوسمانییەکان محەمەد پاشای ڕەواندز تاوانبار دەکەن بە تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە چونکە کارەکانی محەمەد پاشا لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی عوسمانیدا نەبوون.

بۆیە سوڵتانی عوسمانی ژمارەیکی زۆر لە سەرباز ڕەوانەی ڕەواندز کردووە، بۆ ئەوەی ئاسایش بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە (هاکان، ٢٠١٢: ٨٦). ئەمانە دەستپێکی لێدانی دەسەڵاتی محەمەد پاشای ڕەواندز بوون. واتە بڕیاری لێدانی میرنشینی سۆران دەرچوو. لەگەڵ ئەوەش دانانی محەمەد ئینجە بەیرەقدار نیشانەیەکی تر بوو لە موسڵ بۆ لێدانی میرنشینی سۆران و دەسەڵاتە کوردییەکان.

بەگشتی بەیرەقدار کەسێکی زیرەک و بەتوانا بووە لە ڕووی سەربازی و هونەری شەڕکردن (گیست، ٢٠١٢: ١٩٣).

بەیرەقدار دوژمنێکی سەرسەختی کورد بوو، هەموو هەوڵێکی ئەو والییە لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان بوو (لونگرک، ١٩٦٨: ٣٤٠)، چونکە بەیرەقدار کاتێک دەسەڵات وەردەگرێت، بیر لەوە دەکاتەوە کە سەرکەوتوو نابێت تا دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان لەناونەبات، بەتایبەت مەترسی میرنشینی سۆران لەسەر بەرژەوەندیی عوسمانی لەناوچەکە وەکو کۆسپ وابوو، لە ڕێگای چەسپاندنی سیاسەتی ناوەند و تەنانەت کاریگەریشی لەسەر دەسەڵات و سیاسەتی بەیرەقدار لە موسڵ هەبوو. بۆیە هەر لە کاتی وەرگرتنی دەسەڵات لە موسڵ سیاسەتی لەناوبردنی میرنشینی سۆرانی پەیڕەوکردووە (نوار، ١٩٦٨: ١٠٤)، چونکە ناردنی بەیرەقدار بۆ موسڵ هۆکارێک بوو بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران، لە نامەیەکی عەلی ڕەزا پاشای والیی بەغدا بۆ دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە کە تێیدا هاتووە محەمەد ئینجە بەیرەقداری ناردووە بۆ موسڵ بۆ ئەوەی کێشەی ڕەواندز چارەسەر بکات، توانا و بەهێزی بەیرەقدار وادەکات عەلی ڕەزا دڵنیا بێت کە دەتوانێت ئەم کارە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکات (هاکان، ٢٠١٢: ٨٨).

کاتێک هێزەکانی میری ڕەواندز محەمەد پاشا لە دواوە دەبنە مەترسی بۆ سەر هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دژی فراوانخوازی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی لە شام و بەشێک لە ئەنادۆڵ، شام و عێراق. بەمەش دەسەڵاتی عوسمانی سەرکردایەتییەکی هاوبەشیان لە مەلاتیە بەسەرکردایەتی بەیرەقدار دروستکردووە بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران لە کوردستان (غازی، ٢٠١٦: ١٧١). بۆیە بەیرەقدار لە ماوەی

فەرمانڕەوایی خۆی لە موسڵ زۆر جار هەوڵی لەناوبردنی میرنشینی سۆران و محەمەد پاشای ڕەواندزی داوە, تەنانەت هێرشی کردۆتە سەر بەڵام سەرکەوتوو نەبووە (حوزنی، ۲۰۰۷: ٦٤) و (عەلی، ۲۰۱۲: ٦٤)، تا ئەو کاتەی لەشکری عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی ڕەشید پاشا ئامادەکرا بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەریەک لە عەلی ڕەزا والیی بەغدا و محەمەد ئینجە بەیرەقدار والیی موسڵ (صائغ، ۱۹۲۷: ۳۱۲).

هەرچەندە سەرەتا عەلی ڕەزا پاشا ناڕازی دەبێت بەرامبەر بەوەی ڕەشید پاشا سەرکردایەتی سوپای عوسمانی بکات بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران، چونکە ئەمە بە دەست تێوەردان دادەنێت لە کاروباری عێراق (هاکان، ۲۰۱۲: ۸۸). بەڵام لەژێر چاودێری ڕەشید پاشا بە واژووی عەلی ڕەزا پاشا والیی بەغدا لەسەر مەسەلەی ڕەواندز دووبارە ڕەزامەندی دراوە یەک لیوای عەسەکەری ڕەوانەی ڕەواندز بکرێتەوە تا بتوانرێت بەپەلە ئەم ناوچەیە کۆنترۆڵ بکرێتەوە و ئەو مەسەلەیە دابخرێت (عادل،۲۰۱۷: ۳۸). لە بەڵگەنامەیەکی تری عوسمانیدا کە لە ۱۰ی حوزەیرانی (۱۸۳٦)دا دەڵێت: **"بەپێی نوسراوێک کە لە لایەن والی بەغدا عەلی ڕەزا پاشا نوسراوە ڕەوانەی ئەستەنبۆل کراوە، تێدا هاتووە والی سیواس ڕەشید پاشا لەگەڵ سوپایەکەی کە پیادە و سوارە لە موسڵ نزیک بۆتەوە لەگەڵ والی موسڵ محەمەد پاشا بەیەکەوە ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ڕەواندز. هەروەها ڕەشید پاشا بە نیازە لە ڕێگەی کەرکوکەوە ڕوو بکاتە ڕەواندز تا بتوانێت ڕەواندز لە ڕووی ئاسایش و ئەمنیەتەوە جێگیر بکەن"** (عادل،۲۰۱۷: ۳۸).

هەرچۆنێک بێت ئەمە چارەسەر کرا، چونکە بڕیاری دەوڵەتی عوسمانی دەرچوو بۆ لێدانی میرنشینی سۆران و لەناوبردنی محەمەد پاشای ڕەواندز، بۆیە دەبێت هەماهەنگی و یارمەتی هەبێت لەنێوان عەلی ڕەزا و بەیرەقدار و ڕەشید پاشا هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە ئاداری (۱۸۳۷)دا هاتووە لە نێوان والیی بەغدا عەلی ڕەزا پاشا و والیی

سـیواس ڕەشـید پاشـا پەیوەنـدی و هەواڵ گـۆڕینەوە هەبـوو لە بـارەی ڕەوانـدزەوە، بەپێی ئەو نووسـراوەی پێشکەشـکراوە بـۆ کـۆنترۆڵ کردنـی ڕەواندز لە نزیکترین شوێن هێز هـاتووە و نێردراوە بۆ ئالتون کوپری[٤] سـەر بە میرنشـینی ڕەوانـدز ئەو شـوێنە لە ڕووی ئەمنـی و ئاسایشـەوە سەقامگیرکراوە (عادل، ٢٠١٧: ٣٨). بۆیە ڕەشید پاشا و لەشکرەکەی ساڵی (١٨٣٦) سەرەتا هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی سەر بە جزیرە لەوێش بۆ ناوچەکـانی تـر و دەیویسـت جزیـرە لەژێـر دەسـەڵاتی میـری میرنشـینی سۆران دەربهێنرێت. ئەم لەشکرکێشییە ماوەیەک بەهۆی وەرزی زستان ڕاگیـرا. بەڵام جـارێکی تـر بەرەو جزیـرە هـاتن و دەسـتیان بەسـەرداگرت، بڕیاریاندا کە هێرش بکەنە سەر ڕەواندز (هاکان، ٢٠١٢: ٨٩-٩١).

بڕیـاردرا لەشـکری ڕەشـید پاشـا بەیـارمەتی عەلـی ڕەزا والیـی بەغدا لەگەڵ والیـی موسـڵ لەو شـوێنە دەسـت پـێ بکـات کە دەچـوونە نـاو دڵـی میرنشینی سۆرانەوە، بە لێدانی ناوچەکانی دەوروبەر بەمەش هێرشـکرایە سەر ئێزیدییەکان لەسەر ڕێگای نەسیبین[٥] و ماردین[٦] کە نەخشـە ڕێگـای لەنـاوبردنی میرنشـینی سـۆران بـوو (نـوار، ١٩٦٨: ١٠٤-١٠٥). هێزەکـانی ڕەشـید پاشـا لە جزیـرە بەرەو زاخـۆ و نـاوچەی بادینـان و موسـڵ هـاتن لەگەڵ هێـزی بەیرەقـدار بەرەو ڕەوانـدز بەڕێکەوتـن (زەکـی، ٢٠٠٥: ٩١). هەروەک لە بەڵگەنـامەیەکی عوسـمانیدا هـاتووە کە لیـوای پیـادە و لیـوای سوارە لە لایەن والیی سیواس ڕەشید پاشا نێردران کە فەرمان دەرچووە, ئەم دوو لیوایە یەکەم جار دەچنە بەغدا و لەوێشـەوە ڕوودەکەنە ڕەواندز ، بەڵام ئەم سـەربازانە توشـی ناخۆشـی و مانـدووبوون دێن، بۆیە هەر لە دیاربەکرەوە ڕوودەکەنە ڕەواندز، چونکە ڕەشـید پاشـا لە موسـڵ نزیکە و ئەو لیوایە ڕادەسـتی محەمەد پاشـای والیـی موسـڵ بەیرەقدار دەکرێت و لەوێشــەوە ڕوودەکەنە کەرکـوک و دوایـی بـۆ ڕەوانـدز، بەڵام هەواڵ لە موسـڵ هـاتووە, کە تەنیـا لیـوای پیـادە گەیشـتۆتە موسـڵ دوای ٢٤ ڕۆژ ڕووی کـردۆتە کەرکـوک. ئەمەش جـارێکی تـر ڕۆڵـی بەیرەقـدار بەدیـار

دەخات لە هەڵمەتی لەناوبردنی میرنشینی سۆران کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە هێرش کردنە سەر ڕەواندز (عادل،٢٠١٧: ٣٩). لەو لاشەوە عەلی ڕەزا بەرەو ئالتون کوپری هات و هەولێریشی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی (نوار، ١٩٦٨: ١٠٧). بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لە تەممووزی (١٨٣٦) باسی قەڵای ئالتون کوپری دەکات و دەڵێت: "قەلای ئالتون کوپری کە سەر بە دەسەڵاتی ڕەواندزە و لە دەستی هێزەکانی محەمەد پاشای ڕەواندز دان، بۆیە دەوڵەت ٢٠ هەزار سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شوێنە ناردووە دوای دوو ڕۆژ ئەو شوێنە کۆنترۆڵکراوەتەوە، دواتر ئەو هێزە ڕوودەکاتە سەنجەقەکانی هەولێر و کۆیسنجەق و هەریر تا ئەو ناوچانەش کۆنترۆڵبکرێنەوە (عادل،٢٠١٧: ٣٩).

لە بەڵگەنامەیەکی تر باسی خۆبەدەستەوەدانی ئالتون کوپری دەکرێت، دەوڵەت بەسەرکردایەتی ڕەشید پاشای والیی سیواس ٢٠ هەزار سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شوێنە ناردووە دوای دوو ڕۆژ و هەژدە کاتژمێر شەڕکردن تفەنگچییەکانی قەڵای کۆپری هاتونەتە خوارەوە و خۆیان بەدەستەوە داوە، ئەو شوێنە کۆنترۆڵکراوەتەوە، لەدوای ئەوە ئەو هێزە بەتەمایە ڕووبکاتە سەنجەقی هەولێر و لەوێشەوە بۆ کویسەنجەق و هەریر و ڕەواندز تا ئەو ناوچانەش کۆنترۆڵبکاتەوە (عادل،٢٠١٧: ٤٠).

بەم شێوەیە هێرش بۆ سەر میرنشینی سۆران دەستپێکرد. هەروەک لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لە ساڵی (١٨٣٧)دا هاتووە والیی بەغدا عەلی ڕەزا پاشا نوسراوێک لەبارەی مەسەلەی ڕەواندز ڕەوانەی دەوڵەت دەکات کە دەست کراوە بە هێرشی سەر ڕەواندز و دەست بەکاربوون بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەیرەقداری والیی موسڵ (عادل، ٢٠١٧: ٤٠). ئەم هێزانە لە هەریر بەیەکگەیشتن و بارەگای هێزی عوسمانی بۆ هێرشی سەر ڕەواندز

هەر لەو شوێنە دانرا بە سەرپەرشتی ڕەشید پاشا و بە یارمەتی عەلی ڕەزا پاشا و محەمەد ئینجە بەیرەقدار، بەڵام بەهۆی سەختی سروشتی ناوچەکە و هەڵکەوتەی جوگرافیایی ڕەواندز ئەم هێرشکردنە تا ڕادەیەک زەحمەت بوو, بۆیە هێرشەکانیش لەو ماوەیەدا بێ سوود بوون بەرامبەر بە لەشکری میرنشینی سۆران (زەکی، ٢٠٠٥: ٩١). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە میرنشینی سۆران بەرگری کردووە و شەڕیشی کردووە لەگەڵ سوپای عوسمانی. هەروەکو لە بەڵگەنامەی عوسمانیش دەردەکەوێت (عادل،٢٠١٧: ٤٠). بۆیە ڕەشید پاشا ڕێگەی تری بەکارهێنا, چونکە زانی کە محەمەد پاشای ڕەواندز خاوەن هێزێکی سەربازی بەهێز و چەک و تەقەمەنییەکی زۆرە، هەروەها سروشتی ناوچەکە سەرکەوتنی ڕەشید پاشا زۆر زەحمەت دەکات, بۆیە لە ڕێگەی ئابلوقەدانی ڕەواندزەوە، کە ئازوقە و ئاوی لەسەر خەڵک قەدەغەکردن و ئەمیش بارودۆخەکەی زۆر نالەبار کرد. بەهۆی برسییەتی و تینویەتی، خەڵک نەیانتوانی تا سەر بەرگری بکەن و ناچار خۆیان بەدەستەوە بدەن، لێرەدا بیروڕای جیاواز سەبارەت بە کەوتنی میرنشینی سۆران هەیە، بەڵام هەندێک سەرچاوە باسی ئەوەدەکەن کە خیانەت لە محەمەد پاشای ڕەواندز کراوە ناچاری کردووە کە خۆی بەدەستەوە بدات (جەلیل، ٢٠١٥: ٢٢)، سەرەڕای ئەوەی ڕەسول بەگی برای باسی خیانەت دەکات، گوایە عوسمانییەکان نەیاندەویست بە شەڕ کۆتایی بەم کارە بهێنن، بۆیە لە ڕێگای گفتوگۆ محەمەد پاشای ڕەواندز چووە لای ڕەشید پاشا و بەڵام دەستگیرکرا و ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کرا (عەلیاوەیی، ٢٠٠٤: ١٩٩).

هەندێک سەرچاوەی تر باسی مەلای خەتێ دەکەن، کە هۆکاری ڕاستەوخۆی کەوتنی میرنشینی سۆران بووە، هەروەها خۆ

بەدەستەوەدانی محەمەد پاشا بەوەی ڕەشید پاشا نامەی بۆ ناردووە، کە فتوا دەربکات هەرچی لە دژی لەشکری عوسمانی شەڕ بکات دەرچوونە لە ئیسلام (زەکی، ٢٠٠٦: ٢٨٣)، بۆیە ئەمە بە کاریگەر دادەنێن لەسەر ساردکردنەوەی لەشکری میرنشینری سۆران دژی عوسمانییەکان (جالیاند، ٢٠١٢: ٤٧) ڕاستە پیاوانی ئاینی ڕۆڵێکی سەرەکییان لە کۆمەڵگادا هەبووە کاریگەر بوونە لەسەر خەڵک، بەڵام مەلای خەتێ فتوای لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵک دەرکردووە و بەپێی پرس و ڕاوێژی میر ئەم کارەی کردووە، واتە بە ئاگاداری میر محەمەد پاشای ڕەواندز فتوای دەرکردووە (مزوری، ٢٠٠٩: ٢٩). هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە مەلای خەتێ تاکە هۆکار نەبووە بۆ کەوتنی میرنشینی سۆران. محەمەد پاشا خۆی کەسێکی پابەند بووە بە شەریعەتی ئیسلامی، بۆیە شەڕکردن لەگەڵ لەشکری عوسمانییەکان لەلای ئەویش دەرچوونە لە یاساکانی ئیسلام (عەلی، ٢٠١٠: ٧٤).

لە ڕاستیدا لەناوچوونی میرنشینی سۆران هەروەکو (پۆژۆلا) باسی دەکات کارێکی بڕیار لەسەر دراوی عوسمانی بوو، کە چۆن لەشکرێکی ٤٠ هەزار سەربازی دەوری ڕەواندوزی گرتووە و ئابلوقەی داوە. محەمەد پاشای ڕەواندزیش زانی ڕزگاری نابێت و ناتوانێت بەرامبەر بەم لەشکرە گەورەیە سەربکەوێت، بۆیە خۆی بەدەستەوە دا (پۆژۆلا، ٢٠٠٩: ٥٢). بەمەش کۆتایی بە دەسەڵاتی محەمەد پاشا هات، کە پلانێکی دەوڵەتی عوسمانی بوو بە یارمەتی ئینگلیز  بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان. بەمەش محەمەد پاشای ڕەواندز دوای خۆ بەدەستەوەدانی ڕەوانەی ئەستەنبۆل کرا، ڕەسول بەگی برای باسی دەکات, محەمەد پاشا لەگەڵ (٥) کەس ڕەوانەی ئەستەنبۆل کرا، هەرچەند بڕیاری بەخشین و لێخۆشبوون بۆ محەمەد پاشا دەرچوو کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بکرێتە دەسەڵاتدار، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیدا چارەنوسی نادیار دەبێت (زەکی، ٢٠٠٦: ٢٨٣). بەڵگەنامەیەکی عوسمانی باسی لێبوردنی محەمەد

پاشـا دەکات و دەڵێت" لێبوردنی باڵا بۆ محەمەد پاشا دەرکراوە پلەی فەریقی لە لای سولتانی عوسمانی پێدرا کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بکرێتە دەسەڵاتدار لەو ناوچانەی کە لەژێر دەستیدا بوون "( هاکان ، س.پ:١٨٥). بەڵام عەلی ڕەزا ڕازی نەبوو، بۆیە کەوتە کارکردن بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت میر بگەڕێتەوە بۆ کوردستان چونکە بەمەترسی دادەنێت لەسەر دەسەڵاتی خۆی لە بەغدا و دەسەڵاتی بەیرەقدار لە ویلایەتی موسڵ. عەلی ڕەزا دەورێکی باڵای هەبوو لە نەگەڕانەوەی محەمەد پاشا بۆ کوردستان و هەوڵەکانیشی سەرکەوتوو بوون لە ڕازیکردنی کاربەدەستانی عوسمانی بۆ ڕێگری کردن لە محەمەد پاشای ڕەواندز. هەروەک لە بەڵگەنامەی عوسمانیدا هاتووە، لەسەر داوای عەلی ڕەزا والیی بەغدا لە ٣ی حوزەیرانی (١٨٣٧) فەرمانێک دەرچوو بۆ مانەوەی محەمەد پاشا لە ئاماسیە دواتر بگوازرێتەوە بۆ ڕۆملیٚ (هاکان، ٢٠١٢: ٩٧). بۆیە دەوڵەتی عوسمانی بڕیاریدا بە گواستنەوەی میر محەمەد پاشای ڕەواندز بۆ ئەماسیە تا لەویٚ نیشتەجیٚ بکرێت. لە (١٨٣٧/٦/١٢) ( میر محمد) گەیشتە ئەماسیە و نیشتەجێکرا (هاکان، ٢٠١٢: ٩٧). دواتر علی ڕەزا والیی بەغدا بەهاوکاری والیی سیواس توانی دەرسەعادەت ڕازی بکات لە ڕێگای ئەنادۆل میری ڕەواندز بگرێت و ڕەوانەی ناوچەیەکی دووری وەک ڕۆملیٚ بکرێت کە دەکەوێتە باشووری هەرێمی بەلقانەوە دواتر لە یەکێک لە گەڕەکەکانی ڕۆملیٚ نیشتەجی کراوە (عادل، ٢٠١٧: ٤٢).

بەم شێوەیە بە چارەنووسێکی نادیار دەسەڵاتی محەمەد پاشا کۆتایی هات. هەرچەندە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی ساڵی (١٨٣٨) محەمەد پاشا بە کۆچکردوو ناو دەبات (عادل،٢٠١٧: ٤٢). هەروەها بەڵگەنامەیکی میسریش باس لەوە دەکات میری ڕەواندز لە ٢٦ی ئاداری (١٨٣٨) مردووە، زۆرێک لە سەرچاوەکانیش باسی ئەوە دەکەن کە محەمەد پاشا لەکاتی گەڕانەوەی لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی (١٨٣٧) دەکوژرێت

(هاکان،٢٠١٢٠: ٩٧). (دەبلیو ئاڕ های) باس لەوە دەکات و دەڵێت محەمەد پاشای ڕەواندز ساڵی (١٨٣٨) کوژراوە (های، ٢٠١٠: ١٨٧) دەسەڵاتی محەمەد پاشا کۆتایی هات، بەڵام میرنشینی سۆران کۆتایی نەهات. لەم بارەیەوە ڕۆڵی بەیرەقدار بەڕوونی دەردەکەوێت لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی محەمەد پاشای ڕەواندز کە یارمەتی لەشکری عوسمانی دا لە کاتی هێرشی بۆ سەر ڕەواندز و هەروەها موسڵی وەکو بنکەیەکی سەرەکی بەکارهێنا بۆ ئەم هێرشە.

دوای دەستبەسەرکردنی میر محمد، چەندین پێشهات و ڕووداوی جۆراوجۆر ڕوویاندا، وەکو تالانی عوسمانییەکان لە شارەکان و پەرتەوازەیی لەشکری میرنشینەکە و وێرانکردنی کارگەکان و بوونی ئاژاوە لەناو بنەماڵەی دەسەڵاتدار و نەبوونی کەسێکی بەتوانا وەک (میر محمد) بۆ شوێن گرتنەوە، کە جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکە بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان، هەرچەندە (ڕەسول بەگ) برای بە جێنشینی میر محمد دیاریکرا، بەڵام نەیتوانی میرنشینەکە لەو دۆخە ناهەموارە ڕزگاربکات. بۆیە میرنشینی سۆران و بەشێکی فراوانی کوردستان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی (نبز،٢٠٠٣: ١٦٨).

**ئەنجامەکان:**

١. تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و سەربازی هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی وەک شۆڕشی یۆنان و شەڕی لەگەڵ ڕووسیا و فراوانخوازییەکانی محەمەد عەلی پاشا والیی میسر. دەرفەتێکی زێڕینی دایە میر محەمەدی ڕەواندزی بۆ ئەنجامدانی فراوانخوازییەکانی.

٢. دەوڵەتی عوسمانی محەمەد ئیجە بەیرەقداری والیی موسڵ, کە ئەزموونێکی هەبوو لە سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی دەنگی نارەزایەتی، دەستنیشان کرد بۆ گەڕاندنەوەی میرنشینە کوردییەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی ناوەندی.

٣. محەمەد ئیجە بەیرەقدار دوژمنێکی سەرسەختی میرنشینە کوردییەکان بوو بە گشتی و میرنشینی سۆران بە تایبەتی, چونکە سیاسەتێکی زۆر توندوتیژی هەبوو بەرانبەریان. بەیرەقدار سەرکەوتوو بوو لە پیادەکردنی سیاسەتەکەی کە ئەویش بریتیبوو لە لەناوبردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانی.

٤. بۆ لێدانی میرنشینە کوردییەکان هاوکارییەکی باش هەبوو لە نێوان والیەکانی بەغدا و سێواس و والیی موسڵ بەیرەقدار. بەڵگەنامە عوسمانییەکان ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە لە سەرەتادا ئاسان نەبوو بەسەر سوپای میرنشینی سۆران زاڵبن, بۆیە کەوتنە بەکارهێنانی جۆرەها ڕێگا بۆ زاڵبوون بەسەریاندا.

٥. هێرشکردنە سەر میرنشینی سۆران کارێکی بڕیار لەسەردراوی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کە ئینگلیز ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە داڕشتنی نەخشەکەی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میر محەمەدی ڕەواندزی.

٦. سەرەڕای ململانێ لە نێوان ڕووسیا و بەریتانیا لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام دەوڵەتێکی عوسمانی لاوازیان پێ باشتر بوو لە میرنشینێکی کوردی بەهێز کە دژی بەرژەوەندییەکانیان بێت.

## پەراوێزەکان:

(١) مەبەست لە لاهیجان ناوچەیەکی دەشتایی ناوچەی موکریانە بەناوی (لاجان) کە بە دیاریکراوی دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری سەردەشت و پیرانشار. (شوعەرا، ٢٠٠٨: ١٩٢-١٩٦).

(٢) ڕێکەوتنی کۆتاهیە: ئەو ڕێکەوتنە بوو کە لەنێوان عوسمانییەکان و هێزەکانی میسر مۆرکرا (١٨٣٣) لە ژێر فشاری دەوڵەتانی ڕووسیا و بەریتانیا و فەرەنسا بۆ ئەوەی شەڕ ڕابگرن لە نێوان عوسمانی و هێزەکانی میسر، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنەکانی ئیبراهیم پاشای سەرکردەی هێزەکانی میسر لە شام٠ (کولن,٢٠١١: ٢٨٠)

(٣) ڕاپەڕینی وەهابییەکان جولاناوەیەکی ئاینی بوو لە سەدەی هەژدە و نۆزد لەسەر دەستی محمد کوری عبدالوهاب (١٧٠٣ز) کە لە شاری عەینەی باکووری ریاض سەری هەڵدا" ئەم بزتنەوەیە داوای چاکسازی ئاینی دەکرد بە یەکتاپەرستی خودا و وازهێنان لە (بدعە) پاش ئەوەی ئەم بیرۆکەیە لە تەواوی نیمچە دوورگەی عەرەبی بڵاوبووەوە لە ساڵی (١٨١٨)ز لەلایەن محمد علی پادشای میسر کۆتایی پێهات. (عودة؛ الخطیب,١٩٨٩-١٢٨-١٣٤)

(٤) ئاڵتون کوپری: شارۆچکەیەکە، لەسەر ڕێگای نێوان کەرکوک -هەولێر. پردێکی ئاسن و یەکێکی تری تەختە هەردوو سەری زێی گەورەی بەیەک دەگەیاند. لە کەتی سەردانەکەی عەبدالرزاق حسنی ناحیەی ئالتون کۆپری (٢٣) گوندی لەخۆدەگرت لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر  بە لیوای کەرکوک بوو. (الحسنی، ٢٠١٣، ١٨٢).

(٥) نەسیبین: قەزایەک بوو لە باشووری لیوای ماردین، لە باکوور بە میدیات و لە خۆرهەلاتیش بە قەزای جزیرە و لە باشووریش بە سنوورەکانی ویلایەتی موسڵ و میرنشینە سەربەخۆکان بەستراوەتەوە. دانیشتوانەکەی بە زۆری کوردن. (سامی، ٢٠٠٨: ٣١٨)

(٦) ماردین: شارۆچکەیەکە ناوەندی لیوای ماردین بوو، بە دووری ٩٠کم دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی دیاربەکر. (موستران، ٢٠٠٢، ٤٥٢).

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:


- ئەدیبو شوعەرا، میرزا رەشید، مێژووی ئەفشار، و: سەلاحەددین ئاشتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٨.

- ئەسفەهانی، عەبدلرەزاق (٢٠٠٩). گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ ناوچەکانی شنۆ و ورمێ و ڕەواندوز، و: ئاوات دەوڵەت، چاپخانە و دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

- ئەسکەندەر، سەعد بەشیر (٢٠٠٩). سەرهەڵدان و روخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

- بدلیسی، شەرەفخانی (١٣٨٤). شەرەفنامە، و: مامۆستا هەژار، چ٨، پەخشانگای پانیز، تهران.

- بەرزنجی، ئەحمەد سەید عەلی (٢٠٠٤). محمد پاشای رەواندوز، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- بۆرکای، کەمال (٢٠٠٨). کوردو کوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، و: علی فەتحی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- پۆژۆلا (٢٠٠٩). گەشتنامەی پۆژۆلا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- جەلیل، جەلیلی و ئەوانی تر (٢٠١٥). شۆڕەشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، و: بهادین جەلال مستەفا، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- حاجی، کامەران محمد (٢٠٠٧). کوردستان لە بازنەی کێشەی رۆژهەلاتدا ١٨٠٠-١٩٠٠، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

- الدملوجي، صديق (٢٠١٠). الايزيدية، ط٢.

- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم (٢٠١٥). سێریا خەلکێ بهدینا ژ هیرشا میری کۆرا د دوکۆمینتکا دیرۆکیدا، گۆڤارا (دیرۆک)، ژ(٧)، دهۆک.

- ڕۆحانی، بابەشێخ مەردۆخ (٢٠١٣). مێژووی ناودارانی ماڵە میران و خونکاران، بەرگی دووەم، هەولێر.

- ریچ، کلودیوس جیمس (٢٠١٢) گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، چ٥، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- زەکی، محەمەد ئەمین (٢٠٠٥). سەرجەم بەرهەمی ئەمین زەکی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- زەکی، محەمەد ئەمین (٢٠٠٦). خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمرۆ، بەرگی ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- سامی، شمس الدین، کوردو کوردستان لە یەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکی لەمێژوودا، و: ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

- سەجادی، عەلائەین (٢٠٠٥). شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عیراق، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئەتلەس، تاران.

- عادل، کاروان محەمەد (ساڵ نییە). هەڵوێستی والی موسڵ محەمەد ئیجە بێرقدار بەرامبەر میرنشین و قەوارە کوردییەکان (١٨٣٤-١٨٤٣), فاکەڵتی ئاداب, زانکۆی سۆران.

- عەلی، عوسمان (٢٠١٠). چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابانزادە، ب١، چاپخانەی ڕێی نوێ، هەولێر.

- عەلی، عوسمان (٢٠١٣). کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، و: کامەران جەمال بابانزادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- عەلیاوەیی، عەبدوڵلا (٢٠٠٤). کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا،چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- فرەیزەر، جیمس بیلی (١٩٩٨). گەشتەکەی فریزەربۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا ١٨٣٤، وە: ئومید ئاشنا، چاپخانەی تیشک، هەولیر.

- قفتان، کاوس (٢٠٠٦). چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی میرنشینی بابان، سۆران، بۆتان، چ٢، چاپخانەی ئۆفسیتی ڕاز، سلێمانی.

- قەفتان، سالح (٢٠٠٩). سێ لێکۆلینەوەی مێژووی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- گیست، جون س (٢٠١٢). زیان ل ناف کورداندا، میزوویا ئیزیدیان، و: داود خه تاری، چابخانەی هاوار، دهوک.

- لازاریف (٢٠١٥) مێژووی کوردستان، و: هۆشیار عبدالله سنگاوی، چاپی ٦، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

- مزوری، مەمدوح (٢٠٠٩). بنەماڵەی بەناوبانگی ڕەواندز، چاپی دووەم، چاپخانەی جندیان، هەولێر.

- مەدەنی، حسین (٢٠٠٩). کوردستان لە ستراتیژیەتی دەوڵەتان، بەرگی١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- هاکان، سینان (٢٠١٢). کورد و بەرخودانەکانی لە بەلگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی دا ١٨١٧-١٨٦٧، و: بەکر شوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- های، دەبلیو ئاڕ (٢٠١٠). دوو ساڵ لە کوردستان، و: لقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- هەروتی، سەعدی عوسمان، پەیوەندی نێوان میرنشینی سۆران و دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی شازدەهەمدا، پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەولەتی (رواندز و پێگەییێکی ژیاری بە دەوڵەتبوون لە مێژووی کورد دا، ١٩-٢٠ ئایاری ٢٠١٦.

- هەروتی، سەعدی عوسمان (٢٠١٣). چەند لایەنێکی مێژووی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- وزنی، حوسێن (٢٠٠٧). سەرجەم بەرهەمی، مێژووی میرانی سۆران، بەرگی ١، کۆکردنەوەو لەچاپ دانی دەزگای ئاراس، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**


- احمد، ابراهيم خليل (١٩١٨) الحياة الثقافية و الحياه الفكريه فى الموصل ابان عهد العثمانى ٩٢٢-١٣٣٦.

- البوتاني، عبدالفتاح على يحيى (١٩٩٠). تنظيمات امير محمد باشا العسكرية والإدارية والاقتصادية في امارة سوران، مجلة كاروان، ع (٨٧)، اربيل.

- جاليانـد، جيرارد (٢٠١٢). شعب بدون وطن الكرد والكردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، اربيل.

- جويدة، وديع (٢٠١٣). الحركة القومية الكردية نشأتها و تطورها، مطبعة اراس، اربيل.

- الحسنى، السيد عبدالرزاق، رحلة في العراق أو خاطرات الحسني، رافدين للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، بيروت ٢٠١٣.

- زكى، محمد امين (٢٠٠٦). مشاهير الكرد و كردستان في العهد الإسلامي، ت: سانعة زكى بك، ج١، ط٢، (دمشق.

- سمايل، عثمان عبدالرحمن (٢٠٠٩). إمارة سۆرانمن بداية القرن الثامن العشر حتى عام ١٨٣٦م، رسالة ماجستير لكلية الاداب قسم التاريخ، جامعة صلاح الدين، اربيل.

- سيدو، علي (٢٠١٢). من عمان إلى العمادية او جولة في كردستان الجنوبية، ط٢، مطبعة اراس، اربيل.

- صائغ، سليمان (١٩٢٧). تاريخ الموصل، ج١، المطبعه السلفيه، القاهره.

- عبدالسلام، عماد (٢٠١٢). دراسات وثائقية فى تاريخ وثائيقية فى تاريخ الكرد الحديث و حضاراتهم،ط١، دارالزمان للطباعة والنشر والتوزيع، ديمشق.

- علي، علي شاكر (بدون سنة) نظام الحكم والادارةوالجيش تشكيلات الادارية العثمانيه ٩٢٢-١٣٣٦ه/ ١٥١٦-١٩١٨.

- عودة، محمد عبدالله؛ الخطيب، ابراهيم ياسين، تاريخ العرب الحديث، الاهلية للنشر والتوزيع، القاهرة ١٩٨٩.

- غازي، على عفيفى علي (٢٠١٦). الجزيرة العربية والعراق فى استراتيجية محمد على، مطبعة الرافيدين، بيروت.

- كولن، صالح، صلاطين الدولة العثمانية، ت: متي جمال الدين، دار ئاراس للطباعة والنشر، القاهرة ٢٠١١.

- الگوراني، على سيدو (٢٠١٢). من عمان الى عمادية او جولة فى كردستان الجنوبية،ط٢، مطبعة اراس، اربيل.

- لورينك، ستيفن هيمسلى (بدون سنة). اربعه قرون من تاريخ العراق الحديث، ت: جعفر الخياط،ط٥،الرافدين للطباعه و النشر.

- موستران، س، المعجم الجغرافي للامبراطورية العثمانية، ت: عصام محمد الشعادات، دار ابن عزم للطباعة والنشر، بيروت ٢٠٠٢.

- نبز، جمال (٢٠٠٣). الامير الكردى مير محمد الرواندوزى الملقب مير كورة، ترجمة: فخرى صلاحشور،ط٢، مطبعة وزراره التربية، اربيل.

- نوار، عبدالعزيز سليمان (١٩٦٨). تاريخ العراق الحديث من نهاية حكم داود باشا الى نهاية حكم مدحت باشا، قاهيرة.

- هروتي، سعدى عوسمان (٢٠٠٨). كردستان والامبراطورية العثمانية، مطبعة خاني، دهوك.

**ملخص:**

مع أن تاريخ أمارة سوران أقدم كثيرا من تاريخ تسلم الأمير محمد الرواندوزي المعروف ب (ميري كورة) للسلطة لم تعرف الأمارة بأسها وقوتها الا في عصره حيث استطاع ان يوسع حدود سلطاته مما شكل خطرا على الدولة العثمانية وكذلك على الأيرانيين ومصالح الدول العظمى مما حدا بسلطات الدولة العثمانية بأتخاذ قرار لأعادة هذه الأمارة الى السلطة المركزية ومن أجل هذا اسندت المهمة الى واحد من أكثر الولاة كفاءة وتشددا ألا وهو (محمد ئينجة بيرقدار ١٨٣٤ ـ ١٨٤٣).

تهدف الدراسة الى عرض السياسة العثمانية بشكل عام و سياسة والى الموصل ئينجة بيرقدار تجاه امارة سوران و الامير محمد الرواندزى بشكل خاص, كذلك تهدف الى عرض و تحليل مواقف الدول الكبرى تجاه امارة سوران و الأزمة التى أحدثها الوالى بيرقدار مع الامارة.

تتكون الدراسة من مبحثين: المبحث الأول يتضمن ملخصا تاريخيا عن أمارة سوران والأطوار التي مرت بها الى تسلم الأمير محمد الرواندوزي السلطة ومن ثم يتحدث عن الأطماع التوسعية لهذا الأمير والاساليب التي اتبعها في سبيل تطبيق سياسته التي أحدثت شرخا كبيرا في علاقاته الأقليمية خاصة مع الدولة العثمانية كذلك تذمرا داخليا من قبل بعض الطوائف. أما المبحث الثاني : فيركز على سياسة الدولة العثمانية تجاه امارة سوران و موقف القوى الكبرى تجاه الامارة والخطوات التي اتبعها في تطبيق سياسته المتشددة تجاه هذه الأمارة من ضمنها تحريك القطاعات العسكرية كذلك يبحث في الأساليب التي أدت الى تطبيق هذه السياسة من قبله أضافة الى الأسباب الداخلية والخارجية التي أدت الى سقوط أمارة سوران على يد الدولة العثمانية. لكتابة هذا البحث كان الاعتماد على مصادر مختلفة وخاصة الوثائق حيث أعتمد على عدد من الوثائق الغير منشورة من أرشيف الدولة العثمانية أذ كانت لتلك الوثائق أهمية كبيرة أضافة الى بعض الوثائق المنشورة والكتب المؤلفة في هذا المجال. وفي الختام تضمن المبحث أهم النتائج أضافة الى ملخص للبحث باللغتين العربية والكردية.

## Abstract

Ottoman Empire assigned some qualified and expert rulers in order to perform their policy and bind Kurdish Emirates directly to Istanbul in the first half of 19th century. One of these ruler was (Mohammed Enje Bairaghdar 1834-1843) who generally had a tough attitude and position toward Kurdish Emirates, especially Soran Emirate, which had been attacked under his leadership for several times. Due to the importance of the topic and lack of an academic research, the current research has been devoted to investigate the position of the mentioned figure, therefore the research entitled; “The position (status) of Mohammed Enja Bairaghdar toward Soran Emirate”. The research aims to present the ottomans policy of the governor of Mosul Enje Baireqhdar towards the emirate of Soran and Meer Mohammed Rawanduzi. It,as well as, aims to show and analyze the attitudes of the great states towards the emirate of Soran and the crisis that was created by the governor Bairaqhdar with the emirate.

It consists of two main parts; each of them sheds light on some significant perspective of Bairaghdar’s policy. The first part explains a summary of Soran Emirate history and Meer Mohammed Rawanduzi’s who is well known as Meeri Kora, willingness to expand his territory, the second part mentions Barighadar’s positions, who was the ruler of Musil, toward Soran Emirate. It, also, talks about the Ottoman military attack and the collapse of the Soran Emirate. At the end of the research, a conclusion and a summary have been presented in both Arabic and English languages which are followed by appendixes and references.